

چیترنامەم بۆ مەنێرە ... هۆنراوەی شاڵاو علی

چیتر نامەت ناخوێنمەوە
ئەگەر ووشەت ببێ بە زێڕ ..!
ئیتر گوێ لەووشەت ناگرم
بە خوێن بنووسی بۆم دێڕ دێڕ ..!
چیتر هەستم بەسۆزی تۆ فریوناخوا
دونیام بۆ بکەی بە ژوورو ژێر ..!
بۆیە گوڵم کەسی ترم پێ مەسپێرە
نەخۆت ئازاردەو نەمنیش
چیتر نامەم بۆ مەنێرە ...!

* * *

من باوەڕم بە تۆ نەما ..،
کە تۆ دڵت وەک باخێکی بێ پەرژینە
نەپێوەندم ببەستەوە نە بەندوکۆت
چیتر سەیری وێنەت ناکەم ..!
دونیا پرکەی لە وێنەی خۆت
هەموو وولات بشۆیتەوە بە فرمێسکت .!
من گریانم قەت نایێ بۆت
سەیری گەلای وەریو دەکەم
چاوم دەبرمە دەشت و کۆ
لەگەڵ هەموو درەختێکی
ئەم پایزە پێ دەکەنم
قەت دانانیشم لەگەڵ تۆ
دەست لە ملی هەموو گوڵێکی شار دەکەم
بەڵام گوڵت ناکەم بە بۆ
چی نووسینی دونیا هەیە دەخوێنمەوە
بێجگە لە نامەی دەستی تۆ ...!
* * *
وازبێنە لێم..!
من دەمێکە ...،
لەئەشقت دەستم بەرداوە
هەموو دڵی من بکێڵی
یەک یادگاریت
یان یەک سۆزی خۆشەویستیت

لە ناو دڵی من نەماوە
ئیتر کەس بۆ
کاغەز و قەڵەم مەسپێرە
نە خۆت ئازاردەو نەمنیش
چیتر نامەم بۆ مەنێرە !

* * *

چیتر نامەت
شەونمی گوڵاو نارێژی
بەسەر دڵی پڕلە تاسەم
چیتر ووشەت
شەماڵ نابێ لە بێداریم
خۆی بخاتە نێو هەناسەم
چیتر دڵم ناخەمە دەست
ئەم ڕۆژگارە پڕ هەڵدێرە
دڵنیابە ...!
هەرگیز نامەت ناخوێنمەوە
نەخۆت ئازاردەونەمنیش
چیتر نامەم بۆ مەنێرە
* * *
زۆرت نووسی
ووشەکانی خۆشەویستی
نەمدەزانی
ئەتۆ هێندە خۆپەرستی
هەرچیت دەنارد دەمخوێندەوە
بە بێ ئەوەی بزانم چین
هێندە دڵم مەسوتێنە
واز بێنە لە نامە نووسین
دەرگای دڵی خۆم دادەخەم
نەوەک نامەت بێتە ئێرە
نەخۆت ئازاردە و نەمنیش
چیتر نامەم بۆ مەنێرە .،،

Shallaw1@hotmail.com